# کاروانی ڕەخنەی ئەدەبی لە لاساییەوە تا هەڵوەشانەوەگەرایی

د. ئیبراهیم مەحموود خەلیل
لە عەرەبییەوە: شوکر سلێمان

(١ - ٢)

**پێشەکی**

ڕەخنەی ئەدەبی چییە؟ ڕەخنە Criticism ئەو هونەرەیە کە گرنگی بەکاری ئەدەبی و هونەری دەدات، لەسەر بنەمای زانستی، شیکردنەوە و شرۆڤەی کارە ئەدەبییەکان دەکات، هەروەها پشکنینی زانستی دەقی ئەدەبی لە ڕووی سەرچاوە و دروستی دەق و داڕشتن و پەسەند و مێژووەکەیەوە دەکات، (١) کاتێ وشەی ڕەخنە خرایە سەر چەمکی ئەدەب Ltterary Criticism بۆ گەیاندنی سوود بوو بەو شێواز و ئەو ڕێگە پەیڕەوکراوانەی لە شیکردنەوەی کارە ئەدەبییەکان و ڕێکخستن و دابەشکردن و جیاکردنەوەی خراپ و باش لە یەکتری، (٢) ئەوجا ئەوە سەبارەت بە نووسەرە کۆنەکان، یان نووسەرە نوێیەکان بە ئامانجی دەرخستن و دۆزینەوەی داهێنان و لایەنە باشەکانی ئەو دەقە ئەدەبییەوە بووە، (٣) ئاماژەکردن بەو لایەنانەی کە ورد و سەنگینن و حوکم لەسەر لایەنی بەهێزی و لاوازی ئەو دەقە دەدات، لەبەر ڕۆشنایی ئەو پرەنسیپانەی کە پێویستە لە ڕەخنەگردا هەبێت، کاتێک حوکم لەسەر دەقێکی ئەدەبی دەدات.(٤)

ئەگەر بۆ مێژوو بگەڕێینەوە دەبینین هەر لەسەدەی شازدەمەوە ئەرکی ڕەخنەگری ئەدەبی دەرکەوتووە و کارە ئەدەبییەکان و لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی تێپەڕاند بۆ خۆناساندنێک لەژێر تیوری ئەدەبیدا Litirary theory، یان تیۆرەکانی ئەدەب theory of literature، بە پشتبەستن بە کۆمەڵێک ڕێسای زمانەوانی و فەلسەفی و هونەری و جوانکاری، ئەمەش بووە هۆی کرانەوەی مەیدانێکی فراوانی کێبڕکێکراو بۆ ڕێبەرایەتی کردنی زانستەکانی مرۆڤایەتی جۆراوجۆری وەک فەلسەفە و کۆمەڵزانی و مێژوو، تا ئێستا گفتوگۆکان بەردەوامن لەسەر سەربەخۆیی ڕەخنەی ئەدەبی لەو زانستانەی ناومان بردن، بۆ جیاکردنەوەی ئەرکی ڕەخنەی ئەدەبی لە ڕووی ئامانج و ئەرکەوە بە شێوەی جیاواز بەکار هێنرا، ئەمەش چووە ژێر شێواز و ناوی جیاجیاوە لە ڕووی ئامانج و جۆری ڕەخنەی ئەدەبییەوە، وەک ڕەخنەی ئەدەبی ئینتیباعی impressioniste criticism، ئەو ڕەخنەیەیە کە ڕەخنەگر گرنگی بەوە دەدات بە پێشکەشکردنی ئینتیباعاتی تایبەتی خۆی دەربارەی کاریگەری ئەدەبی کە شێوازێکی بریقەدار و سەرنجڕاکێش لەخۆ دەگرێت، (٥) بەڵام ڕەخنەی ڕەوانبێژی Rhetorical criticism، هەموو ڕەخنەی کۆنی عەرەبی لەم شێوازە بوون، بەڵام ڕەخنەی جێبەجێکاری Practical criticism، ئەو ڕەخنەیەیە کە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە گرنگی بە شیکردنەوەی ئەدەب دەدات، بەبێ گەڕانەوە بۆ هۆکارەکانی نووسین، یان ژیانی نووسەر.



**ڕیچاردس**

ئەو شێوازە ڕەخنەییە خۆی لە کارەکانی ڕەخنەگری بەریتانی ڕیچاردس (I. A. Richards) دەبینێتەوە، کە کتێبەکەشی لە بابەت پرەنسیپەکانی ڕەخنەی ئەدەبی و کتێبی زانست و شیعر و کتێبی ڕەخنەی جێبەجێکاریدا بوو. (٦). بەکارهێنانی چەند چەمکێکی وەک فەلسەفە و دەروون و ڕەوشت و کۆمەڵایەتی ئاماژەبوون بۆ جۆرەکانی ڕەخنەی کاریگەر بە فەلسەفە و ڕەوشت و کۆمەڵگە و ڕێساکانی زمانەوانی لە ڕووی سەرف و ڕێزمانەوە، قسەکردن لەسەر ڕەخنەی زمان و زمانەوانی لە سەردەمی ئێستاماندا ڕەهەندی تایبەت و نوێی وەرگرت، بۆیە پێویستیمان بە وەستانێکی دووروودرێژ هەیە کاتێک قسە لەسەر قوتابخانەکانی ڕەخنەی ئەدەبی نوێ دەکەین.

کاتێک قسە لە ڕەخنەی ئەدەبی دەکەین نابێ جۆرەکانی دیکەی ڕەخنەمان لە یاد بچێت، وەک ڕەخنەی درامایی Dramatic criticism، هەروەها ڕەخنەی بەراوردکاری Comparative criticism، ئەو ڕەخنەیەیە کە کار لەسەر بەراوردکردنی دوو دەقی ئەدەبی جیاواز لە دوو زمانی جیاواز دەکات، وەک بەراوردکردنی ڕۆمانی ڕۆبنسون کرۆزی نووسەری بەریتانی (دیفو) لەگەڵ ڕۆمانی (**حي** بن يقظان) (لابن طفيل **العربي**)(٧)، یان بەراوردکردنی شیعرەکانی (فرلین) لەسەر زمانی باڵندەو ئاژەڵەکان بە چیرۆکی (کەلیلە و دمنە)ی (ابن موقەفەع)، (٨) بەڵام ڕەخنەی پاراو Pure criticism، ئەوەندەی گرنگی بە تیورەکانی ئەدەب دەدات، ئەوەندە گرنگی بە کاری ئەدەبی دیاریکراو نادات، هەر یەک لە کتێبەکانی تیورەکانی ئەدەبی (ڕێنیە ویلک wellek) و (ئۆستن وارین warren) نموونەن بۆ ئەو شێوازە ڕەخنەییە، (٩) هەروەها کتێبی شیعری ئیحسان عەباس و(١٠) و کتێبی (هونەری چیرۆک)ی محەمەد یووسف نەجم(١١) و کتێبی (هونەری کورتە چیرۆک)ی ڕەشاد ڕوشدی و(١٢) کتێبی (جۆرەکانی تیوری ئەدەبی) ڤنکۆنت vencont کە حەسەن عەون وەریگڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی، کە هەندێک بە ڕەخنەی پاراو ناوی دەبەن، هەندێکی دیکەش لە نووسەران ئەم ڕەخنەیە بە ڕەخنەی تیوری ناو دەبەن لە بەرانبەر ڕەخنەی جێبەجێکاریدا.

لە سەرتاوە پێویستە ئێمە جیاوازی لەنێوان ڕەخنەی ئەدەبی و مێژووی ئەدەبدا بکەین، ڕەخنە وەک لە پێشەوە ئاماژەمان بۆ کرد و پێناسەمان کرد، بەڵام مێژووی ئەدەب چۆنیەتی ڕێکخستنی کارە ئەدەبییەکانە لە ڕووی زەمەن و کاتەوە بە پێی دەرکەوتن و پەیدابوونی کاریگەرییەکان و هۆکارەکانی بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی، یان کپبوونەوەی، هەروەها زانینی ژیان و بەرهەمە ئەدەبییەکانی شاعیران و نووسەران، ڕاستییەکەی مێژووی ئەدەبی گرنگی بە شیکردنەوەی دەقە ئەدەبییەکانی نووسەران نادات و جیاکاری لە ڕووی گرنگی و گەورەیی، یان بێهێزی و لاوازی ناکات، بەڵام لە زۆر ڕووەوە سوود بە ڕەخنەی ئەدەبی دەگەیەنێت، مێژوونووسانی ئەدەبیش لە زۆر ڕووەوە سوود لە ڕەخنەگران وەردەگرن بۆ چۆنیەتی ڕێکخستن و دیاریکردنی شوێن و پایەی ئەدیبەکان، کارە ڕەخنەییەکان ئەوانەی گرنگی بە لایەنی مێژوویی دەدەن بە وشەی (ڕەخنەی ئەکادیمی ناوەزەد دەکرێت، ڕەخنەی ئەکادیمی Acadimic Criticism، ئەو ڕەخنەیەیە گرنگی بە سەیرکردن لە ڕابوردوو، لە ئێستا زیاتر دەدات، لەم ڕووەوە ڕەخنەگری بەریتانی (گراهام هو) لە بابەتێکی ڕەخنەییدا دەڵێت : ئەگەر ڕەخنەگر لەسەر ڕابوردووی نووسی بەبێ گوێدانە ئێستا، ئەوە تەنیا ڕەخنەگرێکی ئەکادیمییە، بەڵام ئەگەر ڕەخنەگر لەسەر ئێستای نووسی بەبێ گوێدانە ڕابوردوو، ئەوە ڕەخنەگرێکی ڕۆژنامەوانییە. (١٤)

تێگەشتنمان بۆ ڕەخنە زیاتر دەبێت کاتێک جیاوازی لەنێوان کۆن و نوێدا دەکەین، ڕەخنە و ئەدەب پێکەوە سەریان هەڵداوە، ئەگەر ئەدەب بە شێوەیەکی تەواو لەدایکبووبێت، بەڵام ڕەخنەی ئەدەبی بە شێوەیەکی زۆر هێمن و لەسەرخۆ پێی گرتووە، ئەمەش بۆ ئەو کاریگەرییە دەگەڕێتەوە کە گەشەسەندن و پێشکەوتنەکەی پابەند بوو بە جیاوازی ئەوەی ویستراوە، کاتێک ئەو دەقە ئەدەبییە چەندە کاریگەری بەسەر دەروونی خوێنەردا جێ هێشتووە بە هێز بووە، یان بێ هێز، کاتێک دەقێکی ئەدەبی لەلایەن داهێنەرێکەوە دەخرێتە پێش چاوی خوێنەر پێویستی بە کاتێکی زۆر هەیە تا دەخەملێت و ڕێسای تایبەتی خۆی وەردەگرێت، کە بە ڕەخنە ناودەبرێت، لێرەدا ئاسانە فێربوونی ئەو تیورە و بەکارهێنانی لە لێکۆڵینەوەی جۆرەکان و شێوازەکانی ئەدەب و ڕێکخستن و دابەشکردن و حوکمدان لەسەری. لە هەر سەردەمێک لە سەردەمەکانی ئەدەب تیورێکی ڕەخنەیی بەسەریدا زاڵ بووە و بەسەر هەر تیورێکی ڕەخنەی ئەدەبیشدا کە گونجاو بووە بۆ پەراوەکردن و جێبەجێکردن، لێکۆڵڤان جیای کردووەتەوە کە چەندە ئەو تیورە گونجاو و ڕاست و دروست بووە لە هەڵسەنگاندنی کارە ئەدەبییەکە، بۆ نزیکبوونەوە لەو بیرۆکەیە و ئەوەی لێرەدا پێویستە ئاماژەی پێ بکەین تیوری درامایە لای ئەرستۆ، دیارە دراماش پێش سەرهەڵدان و دەرکەوتنی بە چەند سەدەیەک لە ڕێگەی تراژیدیا و کۆمیدیاوە ناسراوە و گەشەی کردووە و پێگەیشتووە، شاعیرانی گریکی کۆن بۆ نموونە سۆفۆکلیس و یۆرپیدیس شتێکیان لە بابەت ڕێسا و بنەمای شانۆگەری نەزانیوە، لەگەڵ ئەوەشدا لایان شتێکی ئاسایی بووە، بەڵام کە ئەرستۆ هات ڕێسای ئەو هونەرەی خستە بۆتەی پەرتووکە بەناوبانگەکەی (هونەری شیعر)ەوە، یان (پۆتیکا)(١٥) دەتوانین هەمان شتیش لە بابەت شیعری عەرەبییەوە بڵێین کاتێک خەلیل کوڕی ئەحمەد فەراهیدی بەر لە سەدان ساڵ عەرووزی خستە بۆتەی ڕێسایەکەوە کە هیچ یەکێک لە شاعیران ئەوەیان نەدەزانی، بەڵام خەلیل هات و کێش و سەروای لەنێو شیعردا شرۆڤە کرد و لە دووتوێی پەرتووکێکدا بەناوی (العروض) کۆی کردەوە.

ناکۆکی باڵە ئەدەبییەکان لە سەردەمەکانی ئەدەبی ڕابوردوودا زۆر جار بووەتە هۆی گەشەسەندنی ڕەخنە و ڕووخاندنی، بەڵام لە سەدەکانی ناوەڕاستدا کاتێ کڵێسە دەستەڵاتی خۆی بەسەر لایەنی ڕۆشنبیری و بەرهەمە ئەدەبییەکاندا سەپاند، بەتەواوی بووە هۆی نەمان و ڕووخانی ڕەخنە، بەڵام لە کولتووری عەرەبیدا بیرۆکەی ڕەخنەی ئەدەبی ڕوون نەبووەوە، تەنیا وەک زانستێک لە زانستەکانی زمانەوانی نەبێت، ئەویش بۆ سێیەمین سەدەی کۆچی دەگەڕێتەوە، پێش ئەو مێژووە ڕوانین بۆ کارە ئەدەبییەکان تەنیا بۆ جوانترین دێڕە شیعر و باشترین دێڕ و شتی لەو بابەتە بووە، هەر لەو سەردەمەدا نووسین لە بابەت ڕەوانبێژی و ڕەخنە لای خەڵک هاتووەتە کایەوە، وەک بنەمایەک بۆ لێک جیاکردنەوەی ئەدەبی باش و چاک، بەڵام لە چوارەمین سەدەی کۆچیدا هەندێک ڕەخنەگر سەریان هەڵدا، بۆ نموونە: ئامەدی و قازی عەبدولعەزیز جرجانی کە تارادەیەک لە ڕەخنەی میتودی نزیکبوونەوە (١٦)، بەڵام ئەوەی جێگەی داخە ئەم کاروانە بەردەوام نەبوو، ڕەخنەی ئەدەبی عەرەبی نەیتوانی گەشەبکات و بگاتە ئاستی هەڵوەشانەوەگەرایی و کۆمەڵێک پرەنسیپی خاوەن هزر، بەڵکو زیاتر لە دووتوێی ڕەخنەیەکی سادە و ساکار و زیاتر لە بۆتەی ڕەوانبێژیدا مایەوە، ڕەوانبێژی زیاتر بووە جێگەی بایەخ و گرنگی لە هەموو لایەنەکانی دیکە زیاتر، ئەمەش وای کرد ڕەخنەی عەرەبی کۆن خاڵی بێت لە تیوری پڕ بەها کە ڕەخنەگر لە شرۆڤە و یەکلاییکردنەوەی دیاردەکانی ئەدەب کاری لەسەر بکات.

لە سەردەمی ڕاپەڕینی ئەوروپا (ڕێنیسانس)دا دووبارە زیندووکردنەوەی بیرۆکە و هزری ڕەخنەی ئەرستۆ تالیس سەری هەڵدایەوە، دووبارە پەرتووکەکەی زیندوو بووەوە و تێگەیشتن کە پەرتووکەکەی سەبارەت بە مەرگەساتە، هەروەها تێگەیشتن لە سێ یەکێتییەکە کە ئەوانیش یەکێتیی ڕووداو کات و شوێنە، کە ئەوانە شتی لە خۆوە نین، لەگەڵ ئەوەشدا ئەرستۆ بووە یەکەم و دواسەرچاوەی ڕەخنەی ئەوروپایی بە درێژایی ئەو سەردەمانە، هەروەها کتێبەکەی (لۆنجانیۆس) و کتێبەکەی هۆراس (هونەری شیعر) بە ڕەخنە ناسرا، لێرەوە ئەدەب تۆزێک لە ڕێساکانی ئەرستۆ نزیک بووەوە، هەروەها ئەو واقیعەی تێپەڕاند و هەنگاوی بەرەو کلاسیکییەتی نوێ هاویشت و نزیک بووەوە، دوای ئەوە دەرکەوتەکانی شۆڕشێک

بەسەر ئەدەبی کلاسیک و ڕەخنەی کلاسیکیدا هاتە کایەوە، کە بە ڕۆمانسیەت ناسرا، هۆراس دواتر لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەمەوە بەتەواوی دەرکەوت، ئەو شۆڕشە هەر تەنیا دژ بە ئەدەبی کلاسیکی نەبوو، یان بەدوای ڕێگە نوێکانی دەربڕین و هێزی نوێ لە بنەماکانیدا بدۆزێتەوە، بەڵکو لە ڕووی ڕەخنەیشەوە بە جیاواز لەو ڕێبازەدا کەوتەوە، تیوری ڕەخنەی ڕۆمانسیش دەرنەکەوت تا زەمەنێکی زۆر بەسەر کەڵەکەبوونی کارە ئەدەبییەکان و داهێنەرانی نووسەراندا نەکەوتەوە، لێرەوە ڕەخنەی ڕۆمانسی کەوتە دەرخستنی لایەنە جوانەکانی ڕۆمانسییەت لە تایبەتمەندییەکانی ئیستێتیکا و زمانەوانی کە ئەوانە بە لایانەوە گرنگترین ڕەگەزی ئەدەبن، هەروەها زۆر جەختیان بۆ نموونە لە لایەنی سۆزداری و هێز و ئەندێشە دەکردەوە، وەک ئەوەی هونەر بەگشتی و شیعر بە تایبەتی لێدانێکی مەعریفی هەستەکی بێ، بە پێچەوانەی ئەدەبی کلاسیکی کە زیاتر کاری لەسەر ئاوەز و لۆژیک دەکرد، لێرەوە ڕەخنەی ڕۆمانسی کەوتە چالاککردنی زمانی ئەدەبی بە پشتگوێخستنی لایەنی چەمک و زاراوەی خواستراو، بەڵکو کەوتنە گرنگیدان بە لایەنی زمانەوانی باو لای خوێنەران و هەڵهێنجانی دەقە هونەرییەکان لە ئەدەبی میللی و داستان و ئەفسانە و حیکایەتەکانەوە.

لە ڕەخنەگرانی ئەو قوتابخانەیەش لە ئەدەبی ئینگلیزیدا شاعیرانی وەک ولیەم وردزوۆرس و سیموئیل تایلۆر کۆلردج کە ڕەخنەکانیان زیاتر شیکردنەوە و شرۆڤەی پێوە دیاربوو، شانبەشانی ڕەخنەگرانی وەک گووتە و هیگۆ و سانت بێف و ماسیۆ ئارنۆڵد و ئەوانی دیکە، هەر لێرەوە بە پێویستی زانین و ناسینی کاروانی ڕەخنەی ئەدەبی و گەشەسەندنی وامان لێ دەکات هەڵوەستە لەسەر لایەنی مێژوویی ڕەخنەی ئەدەبی بکەینەوە.

سەرهەڵدانی ڕەخنەی ئەدەبی بۆ لەدایکبوونی ئەدەب و سەرهەڵدانی ئەدەب دەگەڕێتەوە، بە جەختکردنەوەش نووسەرانی کۆن حسابی وردیان بۆ قسەکانی خۆیان کردووە لە ڕووی شیعر و پەخشانەوە، هەمیشە چاویان بە نووسینەکانیاندا خشاندووەتەوە و لێیان زیادکردووە و کەم کردووە و لە ڕووی وشە و زاراوە و واتا و پێکهاتەوە چاکیان کردووە و هەمیشە بەدوای ڕەزامەندی خوێنەرەکانیاندا گەڕاون و زۆر سەرسوڕمانبوونە بەوەی دەیانگوت و دەیاننووسین.

بێ گومان خوێنەرانیش بە دەوری خۆیان چاویان بەو شیعر و پەخشانانەدا دەخشاند کە لەبەر دەست و دیدەیاندا بوون، بەڵام ئەو ڕوانین و قسەکردنە نەدەگەیشتە ئەو ئاستەی بخرێتە بۆتەی ڕوانین و سەرنج و ڕەخنەی میتودییەوە، ئەگەر سەیری (ئەفلاتوون ٤٢٧-٣٤٧ پ.ز) بکەین کە یەکەمین کەسە سەرنج و تێبینی لەبارەی شیعرەوە خستووەتە ڕوو، شوێنی لە فەلسەفە ئایدیالییە ڕەوشتییەکەیدا کردووتەوە، شاعیر لای ئەو وەک وێنەکێشە لاسایی سروشت دەکاتەوە، کە ئەویش لە بنەڕەتدا لاسایی سروشتێکی دیکەیە کە خودا هێناویەتە بوون، ئەویش لە دنیای ئایدیاڵیدایە و دەکەوێتە ئەودیوی سروشتەوە(کە دنیای میتافیزیکە)کە هەموو شتەکان گەوهەری ڕاستی بوونیان و نەمرییان لەوێدایە، بەڵام ئەوەی لای ئێمە هەمووی شێواوی ئەو ڕاستییەیە کە لە دنیای ئەزەلی ئێمەدا هەیە، شاعیر کاتێک لاسایی ئەو شتە نارِوون و شێواوانە دەکاتەوە، کارەکەی سێ کەڕەت لە ڕاستییەوە دوورە، وەک وێنەکێشێک کە وێنەی سەرینێک دەکێشێ ئەوە لاسایی سەرینێک دەکاتەوە، کە دارتاشێک دروستی کردووە، دارتاشەکەش لاسایی ئەو سەرینەی کردووتەوە کە خودا لە گەوهەری خۆیدا بەرهەمی هێناوە.(١٧)

لەسەر ئەم بنەمایە شیعر لاسایی لاساییە، هەر بۆیە شیعر جێگەی لە کۆماری ئەفلاتووندا نابێتەوە، ئەفلاتوون دەڵێ: شاعیرەکان تەنیا شایەنی ئەوەن بارودۆخی شەڕ بخرۆشێنن و گیانی بەرەنگاری لای سەربازەکان زیندووبکەنەوە و هانیان بدەن لەسەر شەڕکردن، یان بە شیعرەکانیان گۆرانی لاوانەوە بۆ ئاسمانەکان بڵێن، ئەفلاتوون وێناندنی ئەوە بۆ شیعر دەکات کە سرووشە لە ناخی شاعیراندا خواوەندی شیعر دەیانجوولێنێت و دەیانخاتە سەرزمان و پێنووسەکانیان بەبێ ئەوەی بزانن چی دەڵێن.(١٨)

بەڵام ئەفلاتوون ئاگەداری ئەوە نەبوو لە خستنەڕووی هزری خۆی سەبارەت بە شاعیر کە پێوەندی بە بەهرەوە هەیە، بەبێ ئەوەی بزانێ دژی بۆچوونەکەی پێشتریەتی لە بابەت لاساییەوە، لەبەر ئەوەی لاسایی شتێک دەکاتەوە بۆ گەیشتنە بە حەقیقەت، ئەوەش پێویستی بە هەوڵدانە،

دیاره چەمکی لاساییش دەبێ دانی پێدا بنێین لە شیعردا کە جۆرێکە لە دروستکردن، ئەمەش نەرێنی وێناندنی دووەمی ئەفلاتوون دەکاتەوە کاتێ جیاوازی لەنێوان جۆرەکانی شیعردا دەکات، وەک شیعری داستانی و مەرگەسات و بەزمەسات و شیعری لیریکی و شیعری فێرکاری.

ئەو سەرنجانە گەیشتە ئەرستۆ (٣٨٤-٣٢٢ پ.ز) کە قوتابی ئەفلاتوون بوو، هەردووکیشیان هەوڵیان داوە وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە کە ئایا پێوەندی شیعر بە واقیعەوە چییە؟ هەردووکیان وەڵام دەدەنەوە کە لاسایی بوویەری خۆیانە، بەڵام جیاوازی لەنێوانیاندا ئەوەیە کە ئەفلاتوون ئەو لاساییە بە شێوە (ئاوێنەیی) دەبینێت، بەڵام ئەرستۆ دوورتر دەڕوات و دەڵێت لاساییەکە واقیع وای دەخوازێت.

شاعیری شانۆیی کاتێک مەرگەسات دەنووسێت زیاتر لاسایی خەڵک دەکاتەوە، بەڵام کە کۆمیدیا دەنووسێت لاسایی لایەنی ڕەزیلی و ئیرەیی خەڵک دەکاتەوە لە ڕەوشت هەزەلی و ئەوانەوە دەردەچێت، ئەمەش کاریان لێ دەکات پێبکەنن، (١٩) هەر بۆیە حەقیقەتی شاعیری شانۆیی بە جیاواز دەکەوێتەوە لەوەی فەیلەسووفێک، یان مێژوونووسێک بانگەشەی بۆ دەکات، حەقیقەتی شیعر لای ئەو دەبێتە شتێکی گرنگتر لە داهێنان، شیعریش بەو واتایە خاڵی نییە لە سوود، لە ڕێگەی ئاسۆ و ترس و گەڕان بەدوای ڕوانین؟ ئینجا هۆراس horace شاعیری لاتینی کە لە سەردەمی زێڕینی ڕۆشنبیری ڕۆمانی بەخۆوە دیت، کە چەندان کتێبی نووسیوە، لەوانە (وتارێک بۆ نەوەی بیزۆ)(٢٠) کە ناسراوە بە (هونەری شیعر) بیروڕای ئەرستۆ لە جەختکردنەوەی لەوەی مەرگەسات وێنەیەکی واقیعە، بەڵام ئەو ئەوە بە پێویست و گرنگ دەزانێت، چونکە شاعیر بە زمانی کەسی ئاسایی نادوێت، هەر بۆیە لە کتێبەکەیدا ڕێنمایی خوێنەران دەکات لە ڕێکخستنی شیعر شارەزابن، پێش ئەوەی لە بابەتی مەرگەسات و بەزمەسات بزانن و بنووسن، ڕێزی کەسایەتییەکان بگرن و داوا نەکەن شێخێک قسەی منداڵێک بکات و خانەدانێک قسەی بازاڕی بکات، (٢١) ئەمەش بە ڕوونی دەردەکەوێت کە هۆراس ئەوە لە شاعیر داوادەکات کە لاسایی بکاتەوە، بەڵام لاساییەک خاوەن ئامانج بێت.

وەک چۆن هۆراس لە کتێبەکەیدا (هونەری شیعر) کەوتە وەڵامدانەوەی بیر و هزری ئەفلاتوون و ئەرستۆ، بە هەمان شێوە فیلیپ سدنی (١٥٩٥) لە کتێبی (بیووره ئەی شیعر) کەوتە وەڵامدانەوەی هۆراس کە لەوێدا بڕیاری ئەوە دەدات شاعیر لە ڕێکخستن و گوتندا تەواو ئازاد و سەربەست بێت، بۆ ئەوەی بتوانێ لە شیعرەکەیدا سۆز و ئەندێشە و شێوازی بەهێز چڕ بکاتەوە، ئەمەش واتای ئەوە نییە خۆی بە لایەنی لاسایی سروشتەوە پابەند بکات، بەبێ لەبەرچاوگرتنی لایەنەکانی دیکە، بەڵکو دەبێ هەموو کایەکان ئاوەڵا بکەین، لاساییش شتێک نییە وەک مەرجێک بسەپێنرێ، ڕەنگە ئەوەش ببێتە کەمایەتییەک لە شتێک کە لاساییە، بۆیە پەنابردن بۆ داهێنانی سروشتی کە لاساییە، یان کاتێک قسەی لەبارەوە دەکرێ(٢٢)

درایدن زیاتر لە لاسایی نزیک دەبێتەوە، بەڵام پێناسەکەی بەوە دەگۆڕێت و دەیکاتە پاکژبوونەوە، ئەو پێی وایە کە بینەران کارە تراژیدییەکان وەک زانستێکی نوێ دەگرنە خۆیان، بەهەمان هەناسەی مرۆڤایەتی فێر دەبن، لێرەوە ئەوان هەڵوەستە لەسەر شتە باش و خراپەکانیان دەکەن، دواتر هەوڵدەدەن خۆیان لە کەموکورتییەکان ڕزگاربکەن و باشەکان پەرە پێ بدەن، ئەمەش بۆ بینەران نایەتە دی ئەگەر لەسەر تەختەی شانۆ شتێک نیشان نەدرێ شایەنی بینین و گوێ گرتن نەبێت وەک کارێکی تراژیدی، یان وانەیەکی ڕەوشتی، یان ئاکاری، کە ئەمە ئامانجی تراژیدیایە کە نایەتەدی ئەگەر لە دووتوێی گەیاندنی بینەرەکان نەبێت بە لووتکەی لەزەت لە بینین و بیستن و هەستەکانیاندا.(٢٣)

لە وتارەکەی ئەلکسندەر پۆپ (pope1688-1744) لە بارەی ڕەخنەوە کە لە ساڵی ١٧١١دا دەرچووە، لەوێدا باس لە دەربڕین دەکات، نیەتی ئەو بنیادە ئەندێشاوییەی شاعیرە لە دووتوێی ئەو شتەی دایدەهێنێ لە ڕاست ئەو کارە ئەدەبییەدا، ئەو بنەمایەش گرێ (plot) لەگەڵ شێواز (style) دەگرێتەوە، ئەگەر سەرنج بدەینە چەمکی گرێ دەبینین زۆر لە بیرۆکەی لاسایی نزیک دەبێتەوە، لەبەر ئەوەی پێکهاتەی بنەڕەتییەکەیەتی، هەروەها ڕێکخەری چیرۆک، یان ئەفسانەیە، بە شێوەیەک ئەو کێشەیە ڕێک دەخات، کە لە خوێنەر، یان بینەر دەکات

که وابزانی به ڕاستی ئەو کارە لە واقیعدا ڕووی داوە، یان بەلایەنی کەمەوە ڕەنگە ڕووبدات.(٢٤)

جۆنسۆن (١٧٠٩-١٧٨٤) جەخت لەوە دەکاتەوە لەکاتی پێشکەشکردنی کارەکانی شکسپیردا دەڵێت: مەرگەسات بە شێوەیەکی گشتی نەک تایبەتی وا لە مرۆڤ دەکات زیاتر ئاشنای سروشتی مرۆڤایەتی بێت، لێرەدا ئێمە زانایی و دانایی شکسپیرمان بۆ دەردەکەوێت، بە تایبەتی لە شانۆگەری ژنی سەقیلە و صافیە کە لەوێدا ژیان بە فراوانی خۆی بە واتای خۆی پێچەوانە دەکاتەوە، (٢٥)ئەمەش واتای ئەوە نییە جۆنسۆن جیاواز لە ئەرستۆ بیربکاتەوە کە دەڵێ مەرگەسات لاساییە، بەڵکو دەڵێت ڕاستی بەشەکییە، وەستاوە، گۆڕاوە.

ئەوەی ڕاستی بێت ڕەخنەی ئەدەبی تا سەرەتای سەدەی نۆزدە لە دوو تەوەرەی سەرەکی دەخولایەوە، ئەوانیش **تەوەرەی یەکەم:** پێوەندی شیعر، یان ئەدەب بە واقیع، ئایا ئەمە لاساییە، یان داهێنان و دۆزینەوەیە.

**تەوەرەی دووەم:** پێوەندی شیعر، یان ئەدەب بە گوێگرەوە(audience) ئایا ئەوەندە بەسە بۆ قسە لەسەر کردن، یان شتێکی دیکە هەیە وەک پاکبوونەوە، یان ناساندن، یان سۆز کە دەبێتە هۆی جێبەجێکردنی هەست و سۆز لای لۆنجاینۆس، سەدەی نۆزدە سەدەی سەرهەڵدانی ئەدەبی ڕۆمانسیەت بوو، بۆ نموونە شیعرەکانی (ولیم وردزوۆرس و کۆلێرج و شیللی و فیکتۆر هیگۆ و گوتەی ئەڵمانی هەر لە پەراوێزی ئەو تەوژمەدا ڕەخنەگرانی وەک سانت بێف و هیولیت تین و ماسیۆ ئارنۆڵد خاوەن کتێبی و گوتاری ڕەخنەیی بوون.

ئەوەی جێگەی سەرنج ڕاکێشانە ڕەخنەگرانی ڕۆمانسیەت کەوتنە جووڵە بەرەو داهێنانێکی نوێ لە ڕووی تیوری ڕەخنەییەوە، ئەویش گرنگیدان بوو بە تیوری دەربڕین، یان ڕەخنەی دەربڕین، ولیەم وردزوۆرس لە پێشەکی چاپی دووەمی دیوانی (چیرۆکی گۆرانییەکان)دا دەڵێت شیعر هەڵچوونی لە خۆوە و سۆزی ئاگرینە(٢٦)، دیارە ئەو هەست و سۆز دەربڕینە، پێویستی بە زۆر زاراوەی سادە و باو و مۆسیقای خەمگینی وێکچووی ئاوازی گۆرانییەکانی جووتیار هەیە، کێشی شیعری پێویستە، چونکە دەبێتە هۆی ڕێکخستنی سۆزەکان، بەڵام هزری ڕووت شیعر دەکوژێت، بۆیە پێویستە شاعیر بە شێوەیەکی هەستیارانە هەڵسوکەوت لەگەڵ هزر و ئاوەزەکانیدا بکات.

ولیەم وردزوۆرس دەڵێ: لەزەتی شیعر مەرجێکی بنچینەییە بۆ بەدەستهێنانی فێربوون، ئەوەیە ئەو سوودەی ئەرستۆ ناوی دەنێت پاکژبوونەوە، (دراید ن)یش بە پێناسە ناوی بردووە، لەم ڕوانگەیەوە و بە تێگەیشتنی (وردزوۆرس) بۆ شیعر هەندێ بیروڕای فەیلەسووفی گریکی (لۆنجاینوس)مان بەبیر دێتەوە کاتێک دەڵێت مەرجی بنەڕەتی بۆ شیعری باش هەستی خوێنەرە تا بگاتە ئاستی هەژان و سۆز و لەزەت کە سەرچاوەکەی سۆزێکی بەهێز و شێوازێکی بەرز بێت.

بەڵام (کۆلێرج ١٧٧٢-١٨٣٤) جیاواز لە (وردزوۆرس) بیردەکاتەوە و پێی وایە زمانێکی تایبەتی بە شیعر، یان پەخشان نییە، بە سەلماندنی بیروڕای ئەو بوونی دوو زمان کە یەکێکیان تایبەت بێت بە شیعر، بە بەڵگەی ئەوەی ئەگەر هەندێک وشە و زاراوەمان لە شیعرێک بەکارهێنا، ئەوە باش دەردەچێت، بەڵام ئەگەر هەمان وشە و زاراوەمان لە پەخشانێکدا بەکارهێنا، ئەوە شتێکی نەشیاو و نەگونجاوی لێ دەردەچێت، دیارە دووبارەکردنەوەی وشە لە شیعردا شتێکی ئاساییە، بەڵام لە پەخشاندا کار دەکاتە سەر میزاج و زەوقت دەبات، دەربڕین لە بابەت شتە شاراوەکان پێویستی بە زمانێکی تایبەت و جیاواز هەیە، شیعری گەورەش بەپێی ڕێنمایی خۆی لە دایکبووی خەیاڵدانی دوانەی خوڵقێنەرە، نەک خەیاڵدانی سەرەتایی، بەڵام خەیاڵدانی خوڵقێنەر هەر ئەو دەبێتە هۆی وروژاندنی سۆز و بەهرە و وێناندنی کۆمەڵێک سۆز و ئارەزووی دروستکراو لە چامەیەکدا کە سەرلەنوێ لە شێوە و شێوازدا جیاوازە، ئەمە وەک ئەوە وایە کە پەیکەرێک لە برۆنز دروست کرابێت و دووبارە بیبەیتەوە نێو کوورە و دووبارە لە کارێکی نوێدا دایبڕێژیتەوە.(٢٧)

ئەو تێبینیانە لە بوویەردا جیاوازین لە سەرنجەکانی (وردزوۆرس) لە ڕووی جەختکردنەوە لە سەر شیعر کە بەرهەمی شاهەنگە، نیازەکەش دەربڕینە لە سۆز و هەستێکی ناسک، هەروەک (شیلی ١٧٩٢-١٨٢٢) شاعیر بۆ جەختکردنەوە لەو هزرە و بەرگریکردن لە شیعر دەڵێت: ناوەڕۆک هەرگیز لە ئامرازی دەربڕین جیاناکرێتەوە کە زمانە، ئەگەر هەوڵبدەیت شیعرێک لە

زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە وەربگێڕیت، یان ئەگەر هەوڵت دا لە دووتوێی هەمان زماندا شیعرێک شرۆڤە بکەیت، بەڵام بە وشەو ڕستەی جیاواز لەوەی شاعیرەکە بەکاری هێناوە و دەقەکەی پێ ڕێکخستووە، ئەوە ئەو شیعرە نرخی خۆی ون دەکات، چونکە ناوەرۆک بەشێکە لە دەقەکە و لە دەربڕین جیاناکرێتەوە.

لەمەش دوورتر دەڕوات و جەخت لەوە دەکاتەوە کە زمان بەرەو پیربوون و هەڵوەرین و لەناوچوون دەڕوات، ئەگەر شیعر گەنجیەتی پێ نەبەخشێتەوە، ئەمەش بەخستنەسەری لە ڕووی لایەنی ژیانی و مەجازەوە، ئەوەی زۆریش بە زمان کاریگەرە شاعیری ئەڵمانی (گۆتە ١٧٢٩-١٨٣٢)یە کە ئەو دەربارەی بیروڕایەکەی دەڵێت: شیعر سروشتێکی هونەری هەستەوەری هەیە کە پێکچووی تا ئەو پلەیە بە هەستی دەستلێدان لە مەڕمەڕی پەیکەرتاشییە، بۆ ئەوەی شاعیرێک، یان نووسەرێک سەرکەوتووبێت لە گەیشتنی بەو پلەیەی هەستەوەرییە لە زمانی ئەدەبیدا، پێویستە بۆ ژێر میزاجی تاکایەتی خۆی بگەڕێتەوە، تاکایەتی لە دەربڕین بنەمای هەموو هونەر و ئامانجەکانیەتی، (٢٨) بەڵام (فیکتۆر هیگۆ ١٨٠٢-١٨٨٥) داوای شکاندنی کۆت و پێوەندەکانی قاڵبی بۆماوەی ئەدەبی کلاسیکی کرد، چونکە داهێنان دەربڕینە لە کەسایەتی داهێنەر نە لای ئەرستۆ و نە لای ئەفلاتوون.

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**


**١- وهبة والمهندس، معجم المصطلحات العربية، ص٤١٧.**
**٢- انظر مقدمة طه حسين لكتاب نقد النثر، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٩٨٢، ص١٩.**
**٣- القيرواني، ابن رشيق، العمدة، تحقيق محي الدين عبدالحميد، دار الجيل، ط٥.**
**٤- وهبة والمهندس، المصدر السابق.**
**٥- المصدر السابق، ص٤١٧.**
**٦- للاستزادة، انظر كتاب: النقد التحليلي لمحمد عناني، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة، د. ت.**
**٧- استعرض فاروق سعد، مقارنات هذه القصة روبنسون كروزو في مقدمة ط دار الافاق الجديدة، بيروت، ١٩٩٢، ص٤١-٤٤.**
**٨- وهبة والمهندس، المصدر السابق.**
**٩- ترجمة عن الانجليزية محي الدين صبحي، وراجعه حسام الخطيب، صدر عن وزارة الثقافة، دمشق، ١٩٧٣، واعادت المؤسسة العربية نشره في طبعة ثانية، ١٩٩٨.**
**١٠- احسان عباس، فن الشعر، دار الثقافة، بيروت، ١٩٥٧.**
**١١- صدر عن دار الثقافة، بيروت، ط٥، ١٩٩٦.**
**١٢- صدر عن مكتبة الانجلو - امريكية، مصر، ١٩٥٩.**
**١٣- صدر عن دار المعارف، الاسكندرية، بلا تاريخ.**
**١٤- غراهام هو، مقالة في النقد، ترجمة محي الدين صبحي، المجلس الاعلى لرعاية الفنون والاداب، دمشق، ط١، ١٩٧٤، ص١١.**
**١٥- ترجم كتاب ارستو للعربية غير مرة، ومن المحدثين الذين ترجموه عبدالرحمن البدوي، واحسان عباس، وشكري عياد، واخرون.**
**١٦- محمد مندور: النقد المنهجي عند العرب، دار النهضة، مصر، بلا تاريخ.**
**١٧- كرومبي، لاسل ابر: قواعد النقد الادبي، ترجمة محمد عوض محمد، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ص٨٤-٨٦.**
**١٨- ديتشس، ديفيد (١٩٦٧) مناهج النقد الادبي بين النظرية والتطبيق، ترجمة: احسان عباس، ومحمد يوسف نجم، دار صادر، بيروت، ص٢٢.**
**١٩- يحيا، رشيد (١٩٩٤) مقدمة في نظرية الانواع الادبية، افريقيا الشرق، د.م، ط٢، ص٤٣.**
**٢٠- راجع للمزيد= عثمان، احمد (١٩٨٩): الادب اللاتيني ودوره الحضاري، المجلس الوطني للثقافة والفنون والاداب، الكويت، ص٢٤١-٢٥٢.**
**٢١- هوراس، ١٩٧٠ فن الشعر، ترجمة لويس عوض، الهيئة المصرية العامة للتاليف، القاهرة، ص١٢٢.**
**٢٢- ديتشس، م.السابق، ص٩٩.**
**٢٣- السابق نفسه، ص.١٢٠.**
**٢٤- السابق نفسه، ص١٢٦.**
**٢٥- السابق نفسه، ص١٢٨-.١٤٠.**
**٢٦- ترجم هذه المقدمة د.زكي نجيب محمود، وضمنها كتابه قشور ولباب، الصادر بمصر (١٩٥٧) ص٣-٤٧، انظر فصل اللاحق من هذا الكتاب.**
**٢٧- اسحق، فائق متي، (بلا تاريخ) مذاهب النقد ونظرياته، مكتبة الانجلو المصرية، ج٢، ص٢٣، وانظر كذلك، ديتشس، دراسات في النقد، ترجمة عبدالرحمن ياغي، مكتبة المعارف، بيروت، ط٢، ص٩٨-١٠٦.**
**٢٨- سكوت، جيمس (١٩٨٦) صناعة الادب، ترجمة هاشم هنداوي، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ص٢٠٥-٢٠٦.**